

# یاداشتەکانم 2

لەتیف هەڵمەت

لــە سـالآنی تەمـەنی منداڵیـدا واتـا سـالآنی کۆتـایی پەنجاکان و ساڵی یەکەم و دووەمی شەستەکانی سـەدەی رابـردوو، لــە بـەر ئـەوەی هـیچ خانـەو مەڵبەنـدێکی رۆشـنبیری منـدالآن و کۆمپیوتـەرو گۆڤـارو کتێبـی منداڵانەش بەم جۆرەی ئیستا نـەبوو، ئێمـەی منـدال و هەرزەکار لـە دەرەوە لـە بـەر دەرگـاو سـەرکۆڵانان و شۆستەی شەقامەکاندا هەموومان کۆدەبووینەوەو شەوان تـا درەنگـانێ ئـەو مەتـەڵ و چـیرۆك و سەرگوزەشـتەو نوکتانـەمان بـۆ یەکـدی دەگێڕایـەوە کـە لـە کـەس و کارەکانمان بیستبوومان و بەرۆژیش گەلێ یاریمان دەکرد کە پەیوەندییان بە شیعرو چیرۆکەوە هەبوو، ئـەو یارییـە شـیعرو چـیرۆك ئامێزانـە هەنـدێکیان کـوردی بـوون و هەندێکیشیان تورکمانی بوون و هیچ یارییـەکی عـەرەبی لـە ناوچـەکەماندا نـەبوو، چـەنکە عـەرەبی لـێ نـەبوو، مەگەر عەرەبی حوشتر لـەوان و ئەوانەی کە سـاڵی یـەك دوو جار بە روبابەیەکەوە دەهاتن و بە ئاوازی رووبابەکە پارەیان کۆدەکردەوە و حلە حوشتریان دەفرۆشت.

بە زستانان یاری -هەلاران و مەلاران-مان دەکـردو کۆمەڵێ منالٚ کۆدەبووینـەوەو پەڕۆیـەکمان لـە تێلآیـەك یاخود لە قەدی سەعافی دارخورمایەك دەئالآندو بەرزمان دەکردەوەو هەموو بەناو شەقام وکۆلآنەکاندا دەرۆیشتین و هاوارمان دەکرد:

**هەلاران و مەلاران**

**خوایە بیکەیتە باران**

**بۆ فەقیرو هەژاران**

زۆر جاریش کاتێ هەور دەیگرمان هاوارمان دەکرد:

**هەورەکە گیان گیان**

**دەستم بگرە بێمە بان**

**بۆ قارچك ودۆمەلآن**

ئەگەر لەم یاریانەدا منداڵی تورکمانمان لە گەڵدا بووایە هەندێ جار کە نمە نمـە بـاران دەبـاری بە یەکەوە دەمانگوت:

**ئەلآ بیر یاغیش ئێلە**

**دام دیواری یاش ئێلە**

**عامم قزی گێچەندە**

**قۆندە راسن یاش ئێلە**

**واتا ..**

**خوایە بارانێك بباریێ**

**تەڕبێ گشت ماڵ ودیوارێ**

**کچەکەی مامم تێپەڕ بێ**

**پێلآوەکانی تەڕبێ**

***

هەنـدێ جـاریش یـاری هـەلوور بلـوور تەکانـەمان دەکرد، ئەم یارییەش هەر یارییەکی شیعر ئامێز بوو:

**هەلور بەلوور تەکانە**

**زەردو سوورو شەمامە**

**مێخم کوتا مێخ هەڵبەزی**

**تیکەی راستم ئەمەی گەزی**

***

منداڵێتی من لە ماڵەوە و لـە دەرەوەی ماڵــەوە لــە نــاو ئــەم بارودۆخــە شـیعرییەدا بــە سەرچوو...هەموو شتێکی دەورو بـەرم پـڕ لـە تارمـایی ئەفسانەو رەزم و بەزمی شیعر بوو...

کە چۆلەکە لـە ماڵماندا دەیـان جریوانـدو لـە سـەر پارچە نانێك یا لـەسەر پنتکە هەویرێك کە لـە ژێر دەستی دایکمەوە لـە سەر-پنە-کە(دەرخۆنە)کە دەپەڕی شـەڕە دەنوکیان دەکرد.. دایکـم یـاخود خوشـکە گەورەکـەم دەیگوت ئەمڕۆ هەواڵێکی خۆشمـان پـێ دەگـات یـاخود خزمێکی دوورمان دێت.. لە پـڕ نامەیـەکمان لـە مـاڵی مامێکمەوە لـە چەمچەماڵەوە یا لـە سـلێمانی‌یەوە یـا لـە کەرکوکەوە بۆ دەهات و بـاوکم نامەکـەی بـە دەنگـی بــەرز دەخوێنــدەوەو پــڕاو پــڕ بــوو لــە شــیعرو بــۆ خۆشەویستی ئێمە لـە لایـەن مامـمەوە یـاخود لـە لایـەن ئامۆزایەکمەوە هۆنراوبۆوە یـاخود پـڕ بـوو لـە شـیعری عەشقی خواو پێغەمبەرو پیاو چاکان و هەست و نەسـت و سۆزی نـاو شـیعرەکەو مۆسـیقاو ئاوازەکـەی تۆزقـاڵ تۆزقاڵ هەست وبوونیـان داگـیر دەکـردم و دەبـوون بـە پارچەیەك لـە ژیانم..

کە نیوە شەوێك سەگێك دەیلوراند دایکم دەیگوت: لـەتیف ئەو پـێلآوە سـەرەو ژێرکـەو ئـەم شـەو یـەکێك دەمـرێ... خوایــە... حــەزرەتی غــەوس...بــاژەلآی ئەشهەد بمانپارێزی... هــەروەها کـاتێکیش ئەسـتێرەیەك دەکشا دیسانەوە دایکم دەکەوتە نزاو پارانەوە لـە خـواو هاواری دەکرد.. پێغەمبـەری میعـراج... شـێخ کەریمـە سوورەی کەسنەزان لـە ئێمە بە دووربێ.. ئەم بارودۆخە ئەفسانەییە کە لـە ماڵمانـدا رەگـی داکوتـابوو لـە دڵـی منیشدا رەگی داکوتاو شیعرو ئەفسانە بوون بە پلازمـای ناو هەموو دەمارەکانم. بەلآم لـە گـەڵ ئـەو هـەموو نـزاو پارانەوەیەی دایکیشمدا کە رۆژانە لـە کاتی نوێـژو دوای نوێژیش هەر دەیکرد، مردن مـاڵی بـاوکمی دۆزییـەوەو



بەیانیانێك کە لـە خەو هەڵسام بینیم خوشکە کۆرپەکـەم کە تەمەنی ساڵ و نیوێك دەبـوو، بـە بـەرماڵیکی سـوور داپۆشراوە و خەنجەرەکەی باوکم خراوەتە سەر دڵـی... وتم ئەمە چیە بـۆ ئـەو خەنجـەرەتان لـەسـەری دانـاوە... وتیـان مـردووەو ئەگـەر خەنجـەری لــە سـەر دانـەنرێ جنۆکەی لێکۆدەبنەوەو لـەوانەیە تەرمەکەی بـدزن، ئـیتر پــاش ماوەیــەك پیــاوانی دراوســێ هــاتن و خوشــکە کۆرپەکەمیان بە بەرماڵەکەوە لە مـاڵ دەرکـردو پرسـیم دایە بۆ کوێی دەبەن دەگریاو گوتی بۆ گۆرستانی دەبـەن و مردووە ئیتر نابێ لــە ماڵــدا بمـێنێ.. مـەرگی خوشـکە کۆرپەکەم بوو بە ئەفسانەیەکی گەورە بۆ من... کـەواتا هــەموو کەسـێك دەمـرێ و دەبـێ تـاوەکو دەیبـەن بـۆ گۆڕستان خەنجەرێك بخەنە سەر تەرمەکەی... لـەوسـاوە وادەزانم هەر کەسێ بمـرێ دەبـێ خەنجـەرێکی لـە سـەر دابنرێ تا بە خاکی دەسپێرن... ئەمە یەکەم مردوو بـوو بینیـم و هـەتا مـاوم لـە بـیرم ناچـێ و لــە بـەر دیـدەی بیرەوەریمـدا وەکـو شـیعرێك نـەخش بـووەو هەمیشـەو هەمیشـە چـاوم لێیـەو هەرچـەندە چـیای باوەشاسـوارم دێتەوە یاد خوشکە کۆرپەلەکەم دەبینم لە سەر لێـواری گلکۆکەی دانیشتووەو دەڵێ بۆ تەنیاتان کردووم بۆ لــە گەڵ خۆتاندا نەتان بردووم بۆ سلێمانی..

مـن لــە بـارەی مەرگـەوە وامـداری(قـەرزاری) ئـەو خوشــکەمم، چــونکە ئەگــەر ئــەو وازوو نەمردایــەو ئەزموونی مردن و نەمان و بۆ گۆرستان بردنیم بە چاوی خۆم نەدیبایە... وازوو نەمـدەزانی مـردن چیـەو نـەمان چیەو گۆرسـتان چـیە.. زانینـی ئـەم شـتانە لــە تەمـەنی منداڵێتیـدا وایـان لێکـردم لــە هـاوکووف و بــەزاو هاوتەمەنەکانی خـۆم ژێـر تـربم و خـەیاڵم فراوانتربـێ و ئەگەر کەسیش هەستی بەم دیاردەیە نـەکردبێ لـە منـدا خۆم زۆر باش هەستم پێکردبوو، دەمزانی کـە زۆر شـت من دەیزانم و هاورێکانم نایزانن...

ئەگەر یەکێك لـە خوشك و برا بچکۆلەکانم نـەخۆش بوونایەو بەدەم خەوەوە راچـڵەکینایە، دایکـم دەیگـوت ترساوەو جنۆکە زەبری پێگەیاندووە.. یاخود بەر نەفەسی کەسانی چاوچنۆك کەوتووە، ئیتر لە لای باوکم نوشتەی چاوەزاریان بۆ دەنووسی و زۆر جاریش نـاوی کۆمـەڵێ دێویـان لــە کاغەزێکـدا تۆمـاردەکردو بەبەرچـاوی‌یەوە دەیان سووتاندو خۆڵەمێش وسووتوەکەیان لـە بنـی پێـی دەسویی بۆ ئەوەی چاك بێتەوە... بە هۆی دوعاو نوشتە نووسینی باوکمەوە پەیوەندی ماڵی ئێمە زۆر پتەوو بەتین و گوڕ بوو بە خەڵکی دڵسۆزو میهرەبانی شاری کفـری و ئـاوایی و گونـدەکانی دەوروبەرییـەوەو تەنانـەت بـە هەندێ خەڵکی کەرکوك و خورماتوو جەلـەولاو خانەقین وبەغـداوە کـە بـۆ چارەسـەرکردنی دەردو نەخۆشـی و شێتی و پەرکـەم و گێچـەڵە دەروونییـەکانیان بـۆ لای بـاوکم دەهـاتن و دوعـاو نوشـتەی جۆربـە جۆریـان لا دەکرد... خاوەن مەڕو مالآت و گاو گوتـاڵ دەهـاتن و داوای دوعای دەمبەستی گورگ و ئاژەڵی دڕندەیان لـێ دەکـردو جوتیـار زسـتانان داوای دوعـای بارانیـان لـێ دەکردو عاشقان داوای ئـەوەیان لـێ دەکـرد کـە دڵـی کەس و کاری هەردوولا نەرم بێ و کارەکەیان جێبـەجێ بێ و ژنانی زەیستان یەکێکیان دەنارد بۆ دوعای چـلەبڕ لە لای باوکم و ژنانی بێ بـەش لـە منـداڵ دەهـاتن بـۆ دوعای منـداڵ و زۆر جـار مەبەسـتەکەیان دەهاتـەدی و چەند ژنێك کچیان ببو.. هەر بە منداڵی بە نیازی خۆیان دابوویان بەمن و هەندێ لەو ژنانە کە دەهاتن بۆ ماڵمان دەیــانگووت: کــەی شــێخ لــەتیف گــەورە دەبــێ وکچەکەمان دەخوازێ... بە خوا خاتوو سەعدیە گەرێ شاییە گەورەیان بۆ بکەی ..

ئەوانەی کە دەهاتن بۆ لای باوکم بۆ ئەوەی بە دوعـا چـارەی نەخۆشـی و کێشـەی ژیـان و گـرێ و گوڵـە دەرونی‌یەکانیان بکات هەر ژن و منداڵ نەبوون ..بـەڵکو گـەلێ لــە پیـاوانیش دەهـاتن و هەنـدێکیان لــە پیـاوە ناسـراوەکانی شـاری کفـری و دەوروبـەری بـوون... جارێکیان باوکم دوعایەکی بۆ پیاو ماقوڵێك نووسی کـە کێشەیەکی دەروونی هەبوو باوکم پێی گـوت بـڕۆ ئـەم دوعایەت لە ملـدابێ گوللەشـت پێـوەبنێن کـارت لـێ ناکات ...من زۆر چاکم لە بیرە پیاوەکـە پاش چـەند رۆژێك هاتەوە بۆ لای باوکم و سوێندی خواردو گـوتی یاشـێخ دوعاکـەم کـردە ملـی ئـاژەڵێکی ماڵمانـەوەو دەمانچـەیەکم پێوەنـا دەمانچـەکە نەچـرکاو گوللەکـە نەتەقی و ئـەم کـارەم چـەند جارێـك دووبـارە کـردەوە گوللەکە هەر نەتەقی و دوایی رووی دەمانچەکەم کردە ئاسمان و چرکاندم و دەسـبەجێ گوللـە تـەقی و ناڵـەی کـرد... کـە ئـەو پیـاوە ئـەم رووداوەی گێڕایـەوە خوشکەزایەکی باوکم لەوێ بوو دوایی داوای لە باوکم کرد دوعایەکی لەو جۆرەی بۆ بکات.. تومـەز دەیـەوێ ببیات و خەڵکی پێ فریوبدات و بە پارەیەکی باش پێیـان بفرۆشێ.. وەکو خۆی گێڕایەوە دۆعایـەکی بردبـوو بـۆ پیاوێکی دوژمندارو گوتبووی هەرکەسێ ئـەم دوعایـەی لە ملدابێ گوللە نایبڕێ و ئەویش وتبووی باشە بە ملی بەرخێکدا هەڵی دەواسم و گوللەیـەکی پێـوە دەنـێم .. ئەگـەر نـەیبڕی چـەندت بـوێ دەتـدەمێ .. جـا وەکـو خوشـکەزاکەی بـاوکم خـۆی دەیگێڕایـەوە کـە کـابرا گوللەکەی ناوە بە بەرخەکەوە بە هەزار ناڵی عـەلی بـە چەقۆدا گەیشتووە ..

ئەوانـەی لای بـاوکم دوعـای نەخۆشـی و مـەرازیان دەکرد هەموویان هەر موسوڵمان نەبوون، جـار بـە جـار مەسیحی و سوپی و کاکەییش بۆ دوعا دەهاتن، هەر بـۆ نموونە لە بیرمە دکتـۆرێکی بـە یتاڵکـاری مەسـیحی لـە کفـری بـوو جارێکیـان لـە گـەڵ ناسـیاوێکی خـەڵکی کفری‌دا هات بۆ لای باوکم بۆ ئەوەی دوعای بۆ بکـات لە نەخۆشی‌یەکی دەروونی چاك ببێتـەوە .. بـاوکم دارە عەسایەکی هەبوو بەوداره ئایەتە پیرۆزەکانی قورئـانی بـە سـەر ئـەو کەسـانەدا دەخوێنـد کـە تـەنگو چـەڵەمەی دەروونییان هەبوو .. ئیتر دەستی دایـە دار عەسـاکە بـە سـەری‌دا بخـوێنێ .. ئـەو هەڵسـاو رایکـردە دەرەوەو هاوڕێکەی بە پەلە دوای کەوت و هێنایەوە .. و گـوتی دانیشە بەو دار عەسایە شێخ دوعات بە سەردا دەخوێنێ .. ئەنجا ئەویش داوای لێبووردنی کردو گـوتی وامزانـی شێخ بەو دارە لێم دەدات چونکە بیستوومە هەندێ شێخ بەدارلـە شێت دەدەن بۆ ئەوەی جنۆکەکانی راوبنـێن بـە خـوا مـن شـێت نـیم نـەختێ کێشـەو گـرێ و گـوڵی دەروونیم هەیە ..

هــەروەها زەڕەنگــەرێکی ( سـوبی ) (نـاوی عبـد الرحیم)بوو لە کفری بوو چەند جارێك لـە لای بـاوکم دوعای نووسـی .. قۆنتەراتچـی یانـەی موچـە خـورانی کفریش کە مەسیحی‌یەك بوو ناوی جۆرج بوو بـۆ دوعـا دەینارد بۆ لای باوکم چـلەبڕ و چاوەزارەیشـی لـە لای باوکم بۆ منالەکانی دەنووسی .. و ئەمەیش ببوو بە هۆی ئەوەی پەیوەندی ماڵی ئێمە لە گەڵ هەژارو دەوڵەمەندو موسوڵمان و غەیرە موسوڵمان و کورد و غەیرە کـوردا بتەو توندوتۆڵ بێ و ئەم بارودۆخـەش کاریگـەرییان لـە فراوانکردنی باری رۆشنبیری ئەو سەردەمەی مندا هەبوو .. شایانی باسە جارێکیان مامۆستایەکی عاشـق هـات بـۆ دوعا بۆلای باوکم .. کات کاتی ئەزموونی سەری ساڵ بـوو .. دوو سـێ رۆژ دوای دوعاکـە پرسـیارەکانی تاقیکردنەوەی ئەو وانەیەی بە نهێنی بۆ هینام کـە خـۆی پێی دەوتینەوەو گوتی ئەمە مژدانەی ئەوەیـە دوعاکـەی باوکت .. دایك و بـاووکی کچـەکەی قایـل کـرد کـە بمدەنێ .. جگە لـەوەیش کێشـەو گێچـەڵە نهێنییـەکانی شارەکە لـە ماڵی ئێمەدا ئاشکرا بوو چونکە زۆربەی ئەو ماڵانەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەهاتن لـە لای باوکم دوعایان دەکرد .. بە تایبەتی کێشەی نێوانی ژن و مێردو دڵدار و دڵخواز ..

لە هەمووی سەیرتر ئـەوەبوو ئـەو ماڵانـەی کەمـەڕو مانگایـان هـەبوو ئەگـەر شـیریان کـەم بدایـە یـا مـەڕو مانگایان نەخۆش بکوتایە دەهاتن دوعایان بۆ دەکـردن و چـاك دەبوونـەوەو شـیری زۆریـان دەدا و هەنـدێ لـە شیرەکەشیان بە دیاری بـۆ مـاڵی ئێمـە دەهێنـاو دوعـای باوکم بە جۆرێك جێی موتمانەی خەڵکی شار بوو خـوا نە خواستە ئەگـەر یـەکێك مـار پێـوەی بدایـە یـا خـود شـارەزەردەواڵەی لێ بورووژایـەو ژەهراوییـان بکردایـە دەیان هێنان بۆ ماڵی ئێمە بۆ ئەوەی باوکم دوعایان پیـادا بخوێنێو خوای مەزن تەندروستیان بپارێزێ و هەندێ جار لە کاتی ئەزموونی سەری ساڵدا دەهاتن بـۆ لای بـاوکم دوعای ئەوەیان بۆ بکا کە نمرەی بەرز بێننەوە ..

من تا ئیستاش کۆمەڵێ لـەو دوعایانـەم هـەڵگرتووەو بە گەوهەر گەڵێکی گرانیان لە قەڵـەم دەدەم و بـاوەڕم وایە لە ماوەی ژیانمدا گەلێ کەڵکی دەروونی‌و جەستەییم لێ وەرگرتوون و بوونەتە بەشێك لـە ژیـانم و هـەرگیزاو هەرگیز باوەڕم پییان لـەق نابێ و هۆکاری ئەم باوەڕەشـم جۆر بـە جـۆرەو رەنگـە بتـوانم لـە ئەڵقـەی داهـاتوودا تیشکێك بخەمە سەری و هەندێ لایەنی روونتر بکەمەوە.